گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی مانشێتی سەرەکی لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا ڕۆژنامەی (خەبات و کوردستانی نوێ)بە نمونە

**تاڵیب حوسێن عەلی**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
talib5151@yahoo.com

**فوئاد سالح ڕەشید**
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان، عێراق
fuadsalhrasheed@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢١/١٢/١
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١/٣٠
بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان:**
Main Title, Morphology, Grammar, Block Language, Grammatical properties

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.3.12

**پوختە:**

ئەو ئەرک و ڕۆڵە گرنگەی کە مانشێتی سەرەکی وەکو یەکەیەکی زمانی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا دەیبینێت،وای کردوە لەڕوی زمان و ڕۆنانەوە لەگەڵ زمانی ئاساییدا جیاوازبێت،بۆیە ئەم توێژینەوەیە،کە بۆ ڕاڤەکردنی مانشێتی سەرەکی ڕۆژنامەکانی(خەبات و کوردستانی نوێ)تەرخانکراوە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی ئەو تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژی سینتاکسییانەی کە زمانی مانشێت لە زمانی ئاسایی جیادەکەنەوە،بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا باسی چەمک و زاراوەی مانشێت و جۆرەکانی مانشێتی سەرەکی لەڕوانگەی ڕێبازی ڕۆنانکارییەوە کراوە،پاشان تیشک خراوەتەسەر جۆری ئەو زمانەی مانشێتی سەرەکی پێدەنوسرێ و تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی بەوردی دەستنیشانکراوە. لە کۆتایشدا ئەنجامی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا خراوەتەڕو.

وشە سەرەکییەکان: مانشێتی سەرەکی ،مۆرفۆلۆژی،سینتاکس ، زمانی دەقبەستو ،تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێشەکی:**

**1-ناونیشـــانی توێژینەوەکە:**( تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی مانشـــێتی ســـەرەکی لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا -ڕۆژنامەی (خەبات و کوردستانی نوێ)بە نمونە)،ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە کە تەرخانکراوە بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییە ڕێزمانیەکانی داڕستنی مانشێتی سەرەکی لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا.

**2-هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** تا ئێســتا لە زمانی کوردیدا بایەخ بە توێژینەوە لە تایبەتمەندییە ڕێزمانیەکانی ڕۆنانی مانشـــێتی ســـەرەکی نەدراوە،بۆیە دەکرێ ئەم توێژینەوەیە هەوڵێک بێت بۆ لێکدانەوە و ڕونکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییانە.

**3-میتۆدی توێژینەوەکە:**توێژینەوەکە بەپێی مێتۆدی وەســـفی شـــیکاری لێکدانەوەی بۆ بابەتەکە کردوە.

**4-کۆمەڵگە و کەرەســـتەی توێژینەوەکە:**کۆمەڵگـای توێژینەوەکە هەردوو ڕۆژنـامەی (خەبـات و کوردســـتـانی نوێ)یە،کەرســـتەی توێژینەوەکەش بریتییە لە ڕێژەی( 25% )کۆی ژمارەی مانشـــێتە ســـەرەکییەکـانی ســـاڵی( 2019)ی هەردوو ڕۆژنـامەکە،ئەم ڕێژەیەش بەپێی شـــێوازی (ئەگەری هەڕەمەکی ڕێکخراو)وەرگیراوە،هاوکات لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا وەکو نمونە سود لەو مانشێتانە وەرگیراوە.

**5-پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

1- چ جۆرە زمانێک لە ڕۆنانی مانشـــێتی ســـەرەکیدا بەکاردەهێنرێ؟تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی ئەو زمانە چین؟

٢-لەڕوی ڕۆنانی سینتاکسییەوە مانشێتی سەرەکی دابەشی سەر چەند جۆر دەبێت؟چۆن لە ڕۆنانی ڕستەی ئاسایی جیادەکرێتەوە؟

3-لە داڕشتنی مانشێتی سەرەکییدا چ جۆرە ڕۆنانێکی سینتاکسی گرنگی پێدەدرێت؟

4-لە ڕۆنانی مانشێتی سەرەکیدا چ جۆرە تەکنیکێک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر بەکاردەهێنرێت؟

**6-هێما و کورتکراوەکان:** ڕ=ڕستە ، ک.ن=کوردستانی نوێ ، ژ= ژمارە .

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

### 1-چەمک و زاراوەی مانشێت:

مانشـێت (Manchette)لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی فەرەنسـییە،لە بواری ڕۆژنامەنوسـیدا بۆ ئەو ناونیشـانە سـەرنجڕاکێشـە بەکاردێت،کە سـەرەتای لاپەڕەیەکی پێدەنەخشـێندرێت.(ژوبیان،2009 : 105)لە بەرامبەردا لەزمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Headline)و لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی(عنوان ) بەکاردەهێـــنرێ،لەزمانی کوردیشدا بۆ هەمان مەبەست ،جگە لەزاراوەی مانشێت چەند زاراوەیەکی تری وەکو(سەردێر، ناونیشان،سەرنوچە)بەکاردەهێنرێ.

"ڤان دایك"لەبارەی پێناسـەی مانشـێتەوە دەڵێت:((مانشـێت ڕسـتەیەکە لەسـەروی بابەتە هەواڵیەکان دەنوسـرێت و بابەتی سـەرەکی هەواڵەکە بەکورتی دەخاتەڕو)). (Van Dijk,1988:53) یاخود ئەو دێرەیە،کە لە پێشەوە دێ و کورتەی هەواڵەکە لە چەند وشەیەک،یان بە ڕستەیەکی سادە ڕادەگەیەنێ.( فەتاح،2013: 9)مانشـێت،گرنگترین ڕەگەزی چێڕۆکە هەواڵە،چونکە ناوەڕۆکی هەواڵەکە بە ڕونی بە خوێنەر دەگەیەنێت،(Dor,2003:718)پەیوەندێکی،واتایی و لۆجیکیشـی بە بەشـەکانی ترەوە هەیە.مانشـێت خالّی بەیەکگەیشـتنی نێوان نێرەر و هەواڵ و وەرگرە، هەواڵی مانشـێت چەندە زیندوبێت و لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وەرگر تەبابێت،هێندە کاریگەرتر دەبێت.مانشـێت کۆمەڵێک ئەرکی هەیە،گرنگترینیان ئەمانەن:

1-مانشێت گوزارشتێکی بابەتیانە لە ڕوداوەکە دەکات،بێ ئەوەی وردەکاریەکەی ڕونبکاتەوە .
2-خوێنەر دەوروژێنێت و هانیدەدات بۆ ئەوەی هەواڵەکە بخوێنێتەوە.
3-یارمەتی وەرگر دەدات بۆ دۆزینەوەی ئەو بابەتەی کە مەبەستییەتی.
4-بابەتەکان لە یەکتری جیادەکاتەوە.(بلعابد،2008: 81)

ئەم ئەرکانەی مانشـێت وایان کردوە،کە مانشـێت لە چەند ڕویەکەوە لە تێکسـتە ڕۆژنامەوانییەکانی تر جیاوازبێت.لەڕوی داڕشـتنیشـەوە پێویسـتە:((بەگوێرەی توانا کورت و پوخت بێ، بەڵام لەڕوی واتاوە دەبێ واتاکەی ڕون بێت و گوزارشـتێکی ڕاسـتەقینە لە گرنگترین ڕاسـتییەکانی نێو هەواڵەکە بکات و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زانیاری تازەی تێدابێت)).(Dor,2003:708-716)لەڕوی ،شـــێوازیشـــەوە هەندێجار مانشـــێت بە شـــێوازێکی جیاواز لە زمانی ئاســـایی دەنوســـرێ،ئەمەش وادەکات،کە تێگەیشـــتن لێی ئاســـان نەبێ.(Swan,2005:211)کەواتە،مانشـــێت چڕکردنەوەی کرۆکی هەواڵە لە چەند وشـــەیەك،یان لە فرێزێک،یان لە ڕستەیەکی کورتدا،ئامانجی سەرەکیشی گواستنەوەی زانیارییە بە مەبەستی ڕاکێشانی ســەرنجی وەرگر. مانشــێت دەبێتە ناســنامەی هەواڵ، بۆیە پێویســتە پەیوەندییەکی تەواوی لەگەڵ ناوەڕۆکی هەواڵدا هەبێـــــت،کاتێکیش دەبێتە ناونیشــان بۆ هەواڵی ســەرەکی لاپەڕەی یەکەم، پێی دەوترێت مانشێتی سەرەکی.(الجميلي و العاني،2012 : 211) "سـوان" پێیوایە مانشێتی سەرەکی ناونیشانێکی کورتی سەر ڕاپۆرتە هەواڵیەکانە،(Swan,2005:211)یان ناونیشانی گرنگترین هەواڵی نێو ڕۆژنامەکەیە،کە لەســەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە بە فۆنتێکی تایبەت و قەبارەیەکی گەورە و ڕەنگێکی جیاواز لە مانشێتەکانی دەوروبەری دەنوسرێ.مانشێتی سەرەکی بەهۆی شوێنەکەی و گرنگییەکەی بۆتە کاریگەرترین و وروژێنەرترین و پڕ خوێنەرترین دەقی نێو ڕۆژنامەکان،بۆیە هێچ ڕۆژنامەیەك ناتوانێ دەستی لێهەڵگرێ،یاخود گرنگی پێنەدات.

**1-1-پێکهاتەی سینتاکسی مانشێتی سەرەکی:**

ســینتاکس بوارێکی باش بۆ مانشــێتنوس دەڕەخســێنێ،تا بەپێی مەبەســت زۆرترین یاری بە ڕۆنانی ڕستەکان بکات.هاوکات مەرجی ئابوریکردن لە نوسینی مانشێتدا بەهۆی کەمی شوێن و بەکارهێنانی تەکنیکی جیاواز بۆ ڕاکێشـــانی ســـەرنجی وەرگر، دەقی وا دادەڕێژێت،کە لەڕوی یەکە زمانییەکان و ڕۆنانەوە لە نوسینی بەشـەکانی تری ڕۆژنامە و زمانی ئاسـایی جیاوازبێت.ئەمەش زیاتر دەوەسـتێتە سـەر توانای ڕۆژنامەنوس لە بەکارهێانی زمان و شـارەزایی لە یاسـا سـینتاکسـییەکان و داڕشـتنی جۆرەکانی ڕســـتە.زمانی نوســـینی مانشـــێت داهێنانی زۆر و تەکنیکی ســـینتاکســـی جیاوازی تێدا بەکاردێت،بۆیە "ڤان دایک" دەڵێ:هەندێ سـیمای سـینتاکسـی لە زمانی مانشـێت بەکاردێن،لە زمانی ئاسایی بەکارناهێنرێن.(Van Dijk,1988:10 )هەروەها "بێڵ" پێیوایە مانشێتی سەرەکی خاسیەتی ســـینتـاکســـی تـایبەت بەخۆی هەیە،کە وای لێـدەکـات دووچـاری لا دانی ســـینتـاکســـی بێت.(Bell,1991:199) لا دانی ســـینتاکســـی لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک تایبەتمەندی زمانی بەرهەم دێنێت،ئەنجامەکەی شـێوازێکی سـینتاکسـی تەلەگرافی جیاواز دێنێتە کایەوە،کە بە ڕێزمانی ئابوری

ناو دەبرێ.ڕۆژنامەنوس لەو بڕوایەدایە دووبارەبوونەوەی یەک شـێواز و یەک ڕۆنان ڕەنگە خوێنەر بێزار بکات،بۆیە لەسەر ئەو بنەمایەی کە((ڕۆنانی سینتاکسی جیاواز کاردانەوەی جیاوازی لای وەرگر لێدەکەوێتەوە)).(Rasul,2006:85)دەسـتکاری فۆڕم و ڕیزبوونی کەرسـتەکان دەکات.باسـکردنی فۆڕمەکانی مانشـێت لە ڕوانگەیەکی ڕۆنانییەوە لەم تەوەرەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زمان و ڕۆنانە سـەرنجراکێشـەی مانشـێت،کە نەک هەر بۆتە جێگای تێڕامانی ڕۆژنامەنوسـان،بەڵکو سـەرنجی زامانەوانیشـی ڕاکێشـاوە،هەر ئەمەش وادەکات سـەرەتا باس لە ڕۆنانی سـەرەوەی مانشـێت بکەین،پاشان تایبەتمەندییە ڕێزمانیەکانی دەستنیشان بکەین.

**2-1-جۆرەکانی مانشێتی سەرەکی لە ڕوی سینتاکسییەوە:**

سـینتـاکس لەو ڕێگـایـانە دەکۆڵێتەوە،کە وشـەکانی بۆ دروسـتکردنی ڕسـتە پێ لێکـدەدرێت.(ویدۆوسـن،2008: 74)یان لێکۆڵینەوەیە لەو یاسـایانەی کە بەهۆیانەوە وشـەکان لە ڕسـتەدا ڕێکدەخرێن.(Crystal,2003:451)یان ئاماژەیە بۆ ڕێکخسـتنە ڕێگا پێدراوەکانی کەرسـتەکان لە ڕستەدا.سینتاکس لقێکی ڕێزمانە و ئەرکی سەرەکی ڕێکخستنی وشەکانە،بەتایبەتی لە چوارچێوەی ڕسـتەدا،کە هاوتایە لەگەڵ تاوتوێکردنی پێکهاتەو ڕۆنانی ڕسـتە.(فەرهادی،2013: 4) کەواتە ئەرکی سـەرەکی سـینتاکس ئەوەیە کە لە پێکهاتەی فرێز و چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرسـتەکان لەنێو ڕسـتەدا بکۆڵێتەوە.

لێرەدا ئەگەر مانشـێتی سـەرەکی وەکو یەکەیەکی سـینتاکسـی وەربگرین،دەبینین بەکورتترین ڕستە،یان فرێز دەردەبڕێ و شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە،کە بە چڕی زانیاری و داڕشتنی کورت و وروژێنەر ناسراوە."مارد" فۆڕمەکانی مانشێتی سەرەکی لەڕوی پێکهاتەی سینتاکسییەوە پۆلێنی سەر سـێ جۆری سـەرەکی کردوە،کە بریتین لە مانشـێتی(کرداری،ناوی،ئاوەڵکرداری).( Mardh,1980: 49)،کەچی "پڕاسکۆڤا" پۆلێنی سەر دوو جۆری سەرەکی کردوە: مانشێتی ڕستەی تەواو، مانشێتی ڕستەی ناتەواو (Praskova,2009:6-10 )

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 1-2-1-مانشێتی ڕستەی تەواو(Sentential Headline):

ڕستەی تەواو یەکەیەکی زمانییە، لە کورتترین فۆڕمیدا جۆرێکە لە ئاخاوتن،کە مانایەکی سەربەخۆ بە گوێگر دەگەیێنێت،جا ئەو کورتییە وشـــەیەک بێت یان زیاتر.( دردونة،2017 :39)مانشـــێتی ڕســـتەی تەواو بەو مانشێتانە دەوترێت،کە بکەر و کردارێکی دیاریکراویان تێدایە و "مارد" بە مانشێتی کرداری سنوردار(Finite Verb Headline)ناوی بردون.(Mardh,1980: 50)

کەواتە ڕســـتەی تەواو ئەو مانشـــێتانە دەگرێتەوە،کە ڕســـتەی تەواون و بەشـــێوەیەکی یاســـایی داڕێژراون،بکەر و کردارێکی ســـنورداریان تێدایە.(Parskova,2009:6)فرێزی کرداری ســـنوردراریش پێکدێت لە کردارێکی ســـنورداری خاوەن فۆڕم،(Quirk,et al,1985:149)کە لەڕووی کات و ڕێژە و ئەســـپێکتەوە دیاریکراوە.(Biber et al,1999:99)ســـەبارەت بە زمانی کوردیش هەندێ زمانەوان پـێـیـانـوایە هەمـوو ڕســـتەیەکـی زمـانـی کـوردی ســـنـورداره،چـونـکە کـردارەکـانـیـان ســـنوردارن.(Fattah,1997:252)بەڵام بە بۆچوونی ڕێزماننوســـە دێرینەکان ئەو ڕســـتانەی بە ناوی کردار دەستپێدەکەن ڕستەی سنوردار نیین،بەڵکو ڕستەی ناوین،چونکە کاتێکی دیاریکراویان تێدانییە و بێ سنورن.(Rasul,2006:96)بەپێی ئەو دابەشکردنەی لەڕوی ڕۆنانەوە بۆ ڕستەی تەواو(سنوردار) لە زمانی کوردیدا کراوە،مانشێتی ڕستەی تەواو دابەش دەبێتە سەر دوو جۆری سەرەکی.لێرەدا گرنگە ڕۆژنامەنوس شارەزایی لە بارەی ڕۆنانی جۆرەکانی ڕستە هەبێت و بەباشی لەیەکتریان جیابکاتەوە،کە بریتین لە:

#### 1-1-2-1-مانشێتی ڕستەی سادە:

ڕستەی سادە((ئەو ڕستەیە کە تەنیا کارێک و پێویستییەکانی ئەو کارەی تێدایە،جۆری کارەکە ژمارە و ئەرکی توخمەکان دەســـتنیشـــان دەکا)).(ڕەســـووڵ،2015: 102)واتە ڕســـتەی ســـادە یەک کرداری تێدایە،کە وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی ڕستە کاردەکات و پێکهاتەکانی تری ڕستە دیاریدەکات. Biber (et al,1999:126)پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان پەیوەندییەکی ڕۆنانییە،لە ڕێزمانی ئەرکیدا هەر پێکهاتەیەکی زمان ئەرکێکی تایبەتی خۆی هەیە لە پێکهاتەی گشتیدا.(Halliday,1985:21)

بەکارهێنانی ڕســـتەی ســـادە لە مانشـــێتدا زۆر کاریگەرە بۆ ڕاکێشـــانی ســـەرنجی خوێنەر ،یان کورتکردنەوەی پەیام،چونکە کورتە و تێگەیشـــتن لێی ئاســـانە،(Parskova,2009:6)لە فرێزی ناوی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیاوتر و ڕونترە،بۆیە ڕستەی سادە بەهەردوو شێوازەکەی بکەر دیار و نادیار لە ڕۆنانی مانشێتی سەرەکییدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکاردێت.مانشێتی ڕستەی سادە لەڕوی دەرکەوتنی کەرستەکانییەوە دەبێت بە چەند جۆرێک:

**1-2-1-1-1-ڕستەی سادەی ئاسایی:**

ئەو ڕستەیە دەگرێتەوە،کە هەموو کەرستە سەرەکییەکانی ڕستەی تێدایە.(ڕەسووڵ،2015: 104) ڕستەی سادەی ئاسایی لە ڕۆنانی مانشێتدا بەو ڕستەیە دەگوترێت،کە کەرەستە سەرەکییەکانی ڕاستەوخۆ تێدا دەربکەوێ،نەوەک کەرستەکان بە مۆرفیم جێگیر کرابن.ئەم جۆرە مانشێتانە لە نێو ئەو شەش پرسیارەی کە هەواڵ وەڵامیان دەداتەوە و بریتین لە:(کێ،چی،چۆن،بۆچی،کەی،کوێ)،بەزۆری وەڵامی هەردوو ڕەگەزی(کێ)و(چی)دەدەنەوە،وەک:

(1)-ئ-یەکێتی سەرکەوت (ک.ن، 25-12،ژ8046)

کێ چی

ب- ............................... (خەبات،نمونەی نییە)

ئەم جۆرە ڕستەیە لەنوسینی مانشێتدا زۆر کەم سودی لێ وەردەگیرێ،چونکە زانیاری پێویست لەسەر ناوەڕۆکی هەواڵەکە ناگەێنێت و ناتوانێت گوزارشتێکی ڕون لە کرۆکی هەواڵەکە بکات.

**1-2-1-1-2-ڕستەی سادەی فراوانکراو:**

ئەو ڕستە سادانە دەگرێتەوە،کە جگە لە کەرەستە سەرەکییەکان:لە کرداری تێپەڕ(بکەر و بەرکار و کردار)،لە کرداری تێنەپەڕ(بکەر و کردار)،لە کرداری ناتەواو(نیهاد و گوزارە)ی تێدا بەئاشکرا دەردەکەوێ و بە سەربایریش فراوان دەکرێت.واتە دەکرێ بەکەرستە لاوەکییەکان زیاتر ڕون بکرێتەوە،ئەم فۆڕمەی ڕستە ڕۆڵێکی بەرچاو لە ڕۆنانی مانشێتی سەرەکیدا دەبینێت،چونکە مانشێتنوس دەتوانی لە ڕێگەیەوە پەیامێکی قوڵتر و ڕونتر ئاڕاستەی وەرگر بکات و وەڵامی زۆرترین ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی هەواڵ بداتەوە،وەک :

(2)- ئ -"هەفتەی داهاتوو سەرکردایەتی لەسەر پرسی کۆنگرە کۆدەبێتەوە" (ك.ن،28-8،ژ7942)

کەی کێ چی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب-دەزگای ڕۆشـنبیری ڕاگەیاندنی پارتی لە ڕێوڕەسـمێکدا ڕێزی لە هونەرمەند ئەحمەد سـالار گرت (خەبات،25-4،ژ5737)

**1-2-1-1-3-مانشـێتی ڕسـتەی سـادەی کرداری یاریدەدەر کرتاو( Verbal Headline With Omitted Auxiliary):**

"هالیدای" پێیوایە لابردنی کرداری یاریدەدەر لە مانشێتی سەرەکیدا زۆر بڵاوە،بەڵام کاریگەری لەسەر لێکدانەوەی پەیامەکە ناکات،چونکە خوێنەر بەئاسانی دەتوانێ ڕۆنانە بنچینەکە بدۆزێتەوە.(Halliday,1985:373)واتە خوێنەر بەهۆی توانستی زمانییەوە هەست بە لابردنی کردارە یاریدەدەرەکە دەکات.ئەگەرچی ئەم جۆرە ڕۆنانە لە ڕۆژنامە جیهانیەکاندا زۆر گرنگی پێدەدرێت،کەچی لە مانشێتی سەرەکی هەردوو ڕۆژنامەکەدا تەنها لەو مانشێتەی خوارەوەدا کرداری یاریدەدەر لە لاڕستەی شوێنکەوتودا کرتێنراوە.

(3)-کۆسرەت ڕەسوڵ:ململانێکان بە گفتوگۆ چارەسەربکرێن (ک.ن،25-7،ژ 7921)

**1-2-1-2-مانشێتی ڕستەی ناسادە(Multiple Sentence Headline ):**

کریستاڵ پێیوایە ڕستەی ناسادە((لە دوو ڕستەی سادە یان زیاتر پێکدێت، کە بەهۆی ئامرازی لێکدەر(Coordination) و گەیەنەر(Subordination) بەیەکەوە دەبەسترێن،ڕستەی ناسادە بەپێی جۆری ئامرازەکە دابەش دەبێتە سەر ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆز)).(Crystal,2003:226)ڕستەی ناسادە بەهەردوو جۆرەکەیەوە بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ بنەمای کورتبڕی،لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهاندا زۆر کەم لەنووسینی مانشێتدا بەکاردێت،بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆژنامە کوردییەکان زیاتر مەیلیان بەلای مانشێتی درێژەوەیە، بۆیە لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا بەتایبەتیش لە خەبات بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە. ڕستەی ناسادەش بەپێی ئامرازەکانی دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت.

**1-2-1-2-1-مانشێتی ڕستەی لێکدراو( Compound Sentence Headline):**

ڕستەی لیکدراو لە دوو ڕستەی سەرەکی، یان زیاتر پێکدێت.( 2003:96, سەرچاوەی پێشو) یان ئەو ڕستەیە،کە لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکهاتبێ و بەیاریدەی ئامرازی لێکدەر بەیەکەوە بەسترابن.ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕستانەی بەشداری ڕستەی لێکدراو دەکەن، لە هەمان بار و ڕادەی سینتاکسیدان و خاوەن هەمان پلەی سەربەخۆیین.(حاجی مارف،2014: 148)

ئامرازە لێکدەرەکانیش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پۆلێنکردنی پەیوەندی نێوان ڕستە لێکدراوەکان .ئەو ئامرازانەش کە رستەکان بەیەکەوە دەلکێنن بریتین لە:(و،بەلام،بەڵکو،یان،ش،نەک،لەدواییدا،ئینجا...هتد)،هەندێ جاریش ڕستەکان بەهۆی کۆما بەیەکەوە دەلکێن،بە لەبەرچاو گرتنی بنەمای کورتبڕیش، لەم جۆرە مانشێتەدا ڕستەکان زیاتر بەهۆی کۆما،یان ئامرازی لێکدەری (و)بەیەکەوە دەلکێنرێن،بەڵام لەبەر ئەوەی ڕستەی لێکدراو درێژە و پانتاییەکی زۆر داگیر دەکات و واتای مانشێت ئاڵۆز دەکات،بۆیە بە بەراورد بە زمانی ئاسایی،کەمتر لە نوسینی مانشێتدا بەکاردەهێنرێت،وەک:

(4)-ئ-یەکێتییەک دڕی بە شەوەزەنگ دا،
درک بە ئەرکەکانی قۆناغی نوێش دەکات (ک.ن،31-5،ژ7878)
ب-کابینەی نۆیەم کابینەیەکی بەهێز دەبێت و پشتیوانییەکی سیاسی دەبێت (خەبات،26-3،ژ5717)

هەردوو مانشێتەکە لەڕووی ڕۆنانەوە ڕستەی لێکدراون،ڕستە سادەکانی نمونەی(4-ئـــ)بەهۆی کۆماو،نمونەی(4-ب) بەهۆی ئامرازی(و)لێکدراون.

**2-2-1-2-1-مانشێتی ڕستەی ئاڵۆز( Complex Sentence Headline):**

ڕستەی ئاڵۆز بەو ڕستانە دەگوترێت،کە زیاتر لە ڕستەیەکیان تێدایە و ڕستەیەکیان سەرەکییە و بەلایەنی کەمەوە ڕستەیەکی شوێنکەوتوو، یان زیاتری لەگەڵدایە.(Crystal,2003:90)یاخود ڕستەی ئاڵۆز((ئەو جۆرە ڕستە ناسادانە دەگرێتەوە،کە لە پتر لە ڕستەیەکی سادە پێکدێن و لە هەموو ڕستە سادەکاندا ،تەنیا ڕستەیەکیان سەرەکییە(Independent Clause)و ناتوانرێ لابدرێ،کە شاڕستەی پێ دەوترێ.سەرجەم ڕستەکانی تر لاوەکین(DependentCluase)و دەتوانرێ لابدرێن،کە پاڕستەیان پێ دەوترێ)).(ڕەسووڵ،2015: 131) هەر ڕستەیەکی ئاڵۆز بەپێی ژمارەی کردارەکان لاڕستەی تێدایە،کە بە یەکێک لەو ئامرازانەی گەیاندن(کە،چونکە،ئەگەر،بۆیە،لەبەرئەوە،...هتد)بەیەکەوە دەبەسترێن.لێرەدا ئەوەی جێگای ئاماژەپێدانە لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا بەشی زۆری ئەو مانشێتانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە شـێوەی ڕسـتەی ئاڵۆزدان، بەبێ یارمەتی ئامرازی گەیەنەر لاڕسـتەکانیان بەیەکەوە لکێنراون،واتە ئامرازی گەیەنەری(کە)بەپێی((یاسـای کورتکردنەوەی پاڕسـتە بۆ لابردنی ئامرازی گەیەنەر و کردار کرتێنراوە)).(سـعـیـد،2009: 90)چونکە جێکەوتەی(comp)بە هەردوو پـارتیـکڵی تەواوکەر و مەرجی(کە،ئەگەر)پڕدەبێتەوە،کە هیچ ناوەڕۆکێکی سـیمانتیکییان نییە،بۆیە ئاسـاییە لە ڕسـتەدا سەرپشکییانە بکرتێنرێن،یان بنوسرێن.(قادر،2008: 42)چونکە بەهۆی توانستی زمانییەوە خوێنەر هەست بە کرتاندنیان دەکات.

(5)-ئ- ............................................................ (ک.ن،نمونەی نییە)

ب- ڕەوشـی کەرکووک ئاسـایی نەکرێتەوە ڕێگە بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا نادرێـت (خەبات،26-3،ژ5717)

مانشـێتی(5-ب)کە ڕسـتەیەکی ئاڵۆزە،ئامرازی گەیەنەری مەرجی(ئەگەر)ی تێدا کرتاوە و مانشـێتەکە پێکهاتوە لە لاڕسـتەی شـوێنکەوتوی مەرجی(ڕەوشـی کەرکووک ئاسـایی نەکرێتەوە)،لەگەڵ ڕسـتەی سەرەکی(ڕێگە بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا نادرێت ).

هەروەها ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێ،ئەوەیە کە ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەو مانشـێتانەی لە شـێوەی ڕستەی ئاڵۆزن لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا وتەی وەرگیراوی ڕاستەوخۆن،((چونکە گێڕانەوەی بۆچوونی ئەو کەسـانەی کە ڕوداوەکانیان بینیوە و دانانی وتەکانیان گوزارشـتە لە دروسـتی هەواڵەکە)).( Van Dijk,1988:84)بۆ نمونە:

(6)-ئ-کۆسرەت ڕەسوڵ:پشتیوانی لە جوتیارانی کورد دەکەین (ک.ن،22-5،ژ7874)

ب- سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

لـەپێشخستنی ئـازادییە ئاینییەکـان

بـەردەوام دەبـیـن (خەبات،25-8،ژ5813)

هەردوو مانشـێتی(6- ئـ ،ب) لەڕوی ڕۆنانەوە ڕسـتەی ئاڵۆزن،((ئەم جۆرە مانشـێتە تەکنیکێکی سـینتاکسـییەو بەهۆیەوە پەیامنێران وتەی کەسـێک، یان ڕاپۆرتە قسـەییەکان ڕاسـتەوخۆ دەگوازنەوە)).( Rasul,2006:76)کە مەبەسـت لێی ڕاکێشـانی سـەرنجی وەرگرە.مانشـێتی وتەی وەرگیراو ڕستەیەکی ئاڵۆزە و لە دوو بەش پێکدێت:یەکەمیان ناوی سەرچاوەی هەواڵەکەیە،کە بکەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕستەی سەرەکییە.دووەمیان دەقی وتە وەرگیراوەکەیە،کە لاڕستەیەکی شوێنکەوتوە و ئەرکی تەواوکەری(بەرکار) ڕستەی سەرەکی دەبینێت.کرداری ڕستەی سەرەکی کە یەکێک لەم کردارە تێپەڕانەیە(گوتی،ڕایگەیاند،ئاشکرایکرد)دەکرتێنرێ و(( واتایەکەشی بەهۆی لاڕستە تەواوکەرەکەوە ڕونەدبێتەوە)).(Abdulla&Salih,2012:206)دیسان ئامرازی گەیەنەری(کە)بەپێی یاسای کورتکردنەوە دەکرتێنرێ.پاشان لە شوێنی کردارەکەدا نیشانەی دوو خاڵ(:)دادەنرێت،کە وەکو هێمایەک بۆ کرتاندنەکە و زەقکردنەوە و تیشکۆ خستنەسەر بەشی دووەمی مانشێتەکە،کە وتە وەرگیراوەکەیە لێکدەدرێتەوە،ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت،کە مانشێتنوس گرنگی بەوە دەدات،کە مانشێت پوخت بێت و ئەو پێکهاتەیەی تێدا نەبێت،کە دەکرێ دەستبەرداری بێت،هەتا ئەگەر کەرستە کرتاوەکە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕستە بێت.(عبدالعزیز،؟: 18)کرتاندن لە ڕۆنانی سەرەوەدا ڕوودەدات،بۆیە ئەگەر ڕستەکە بگێڕینەوە بۆ ڕۆنانی ژێرەوە ئەوە کەرستە کرتاوەکە دەردەکەوێتەوە،ئەوەشی دەبێتە هۆی ناسینەوەی کەرستە کرتاوەکە لای وەرگر ئەو ڕۆنانەی ژێرەوەیە،چونکە نێرەر و وەرگر شارەزاییان لەبارەی ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوەی ڕستەکە هەیە.(تۆفیق،2002: 157)مانشێتی وتەی وەرگیراو بە مانشێتی تەواوکەری بکەری( Subject Complement Headline)ناو دەبرێت،چونکە وتە وەرگیراوەکە دەبێتە تەواوکەری بکەری ڕستەی سەرەکی،بەلای کەمەوە وەڵامی هەردوو ڕەگەزی (کێ)و(چی)دەداتەوە.لەم جۆرە مانشێتەدا دەشێ وتە وەرگیراوەکە لە لاڕستەیەک یان زیاتر،یان لە فرێزێکی ناوی،یاخود لە ڕستەیەکی ناوی کرداری پێکهاتبێت.وا باوە وتە وەرگیراوەکە لە نێوان جوت کۆمای ئاوەژو دابنرێت،بەڵام لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا زۆر جار وتە وەرگیراوەکان بەبێ کۆمای ئاوەژو دەنوسرێن،وەک:

(7)- ئـ- سەرۆک کۆمار: چارەسەرکردنی پرسە هەڵپەسێردراوەکان (ک.ن،17-7،ژ7914)

ب-بارزانی نەمر: ئەگەر دەست بە شەڕ بکەینەوە ،با شەڕ لە پێناو کەرکووک و خانەقین و شنگال بێت،نەک بەهۆی ژیانی منەوە (خەبات،29-9،ژ5837)

مانشێتی(7-ئـ)لە ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوی(چارەسەرکردنی پرسە هەڵپەسێردراوەکان)کە فرێزێکی ناوییە و تەواوکەری بکەری ڕستەی سەرەکییە پێکهاتوە.بەهەمان شێوە مانشێتی(7-ب)لە ڕستەی سەرەکی و هەر سێ ڕستەی شوێنکەوتوی(ئەگەر دەست بەشەڕ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکەینەوە)، (با شــەڕ لە پێناوی کەرکوک و خانەقین بێت)،(نەک بەهۆی ژیانی منەوە)پێکهاتوە،کە یەکەمیان شــوێنکەوتوی مەرجی و دووەم و ســێیەمیان شــوێنکەوتوی ئاگادار کردنەوەن و ئەرکیان تەواکەر بکەر ڕستەی سەرەکییە.

## 1-2-2-مانشێتی ڕستەی ناتەواو(Non-Sentential Headline):

پێکهاتەی ڕســتەی ناتەواو نزمترە لە ڕســتەی ئاســایی،کەچی وەک ڕســتەی ســەربەخۆ پێکهاتەیەکی سەرەکی بنیادی دەق و گوتارە،بۆیە "کریستاڵ" بە کورتە ڕستە(Minor Sentences)ناویان دەبات و پێیوایە کردارێکی سـنورداری تێدا نییە،یان هەر کرداری تێدا نییە و بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە نوسـینی مانشـێتدا بەکاردەهێنرێت.(Parskova,2009:10) ئەم شـێوازە ڕۆنانە زیاتر لە زمانی دەقبەسـتودا (Block Language) بەکاردێت.(Biber et al,1999:259)بڕوانە( 1-5-1 )بەڵام لە مانشــێتدا ئەو بەشەی کرتاوە لە ناوەڕۆکی هەواڵەکە ڕوندەبێتەوە. هەروەها "هارتمان" بەو ڕستانە وەسفی کردوە،کە یەکێک لە پێکهاتە ســەرەکییەکانی کرتاوە. ڕســتەی ناتەواو لەگەڵ مەیلی ڕۆژنامەکان بۆ بەکارهێنانی ڕسـتەی کورت دەگونجێت،کە پێداویسـتییەکانی خوێنەری بەپەلە لە گەیشـتن بەناوەڕۆکی هەواڵ لە کورتترین دەربڕیندا دابیندەکات.( دردونة،2017 :40)بە شێوەیەکی تر ڕستەی ناتەواو،ئەو ڕستانەن کە هەمیشــە نـاتەواون و زانـیاری پـێـویســـیـان تـێـدا نـیـیە،بەکـاردێـن بـۆ:(کـاریـگـەری دروســتکردن،خەختکردنەوە لەســەر خاڵێک،دەربڕینی درامی،نیشــاندانی ســەرســوڕمان). Biber et al,1999:259) بەکارهێنانی ڕســتەی ناتەواو لە ئاخاوتندا گرنگە،لە ڕاگەیاندن و نوســینی مانشــێتدا گرنگیەکەی زیاتر دەبێت، مانشــێتنوس ئازادە لەوەی لە ڕۆنانی مانشــێتی ســەرەکییدا ڕســتەی ناتەواو،یان ڕســتەی ناوی کردار، یان بۆ کاتی ڕابردو کرداری ڕانەبردو بەکاربهێنێت.بەڵام لە داڕشــتنی ناوەڕۆکی هەواڵدا پێویستە پابەندی یاساکانی ڕێزمان بێت.(الربیعی،2014: 130)لەم ڕووەوە هەندێ جار دەبینین مانشــێتەکان لە شــێوەی ڕســتەی ناتەواو دەنوســرێن،ئەمەش وا دەکات یاســا سینتاکسییەکان پێشێل بکرێن و تێگەیشـتن لێیان ئاسـان نەبێت.هۆکاری ئەم دیاردەیەش بۆ کەمی شـوێن و پێشـکێش نەکردنی زانیاری پێویسـت لەلایەن ڕۆژنامەنوسـەوە دەگەڕێتەوە،تا لەو ڕێگایەوە سەرنجی وەرگر بۆ خوێندنەوەی تەواوی هەواڵەکە ڕابکێشــێ.دەکرێ ڕستەی ناتەواو لەڕوی هەبوون و نەبوونی کردار لە پێکهاتەکەیدا،دابەشی سەر چەند جۆرێک بکرێ:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-2-2-1-ڕستەی ناوی کرداری(Infinitive Clause):**

مانشێتی ڕستەی ناوی کردار،کە مارد بە مانشێتی کرداری بێسنور(Non-Finite Verb Headline)ناوی بردوە.وەکو لە ناوەکەی ڕادیارە، پێکهاتەی سینتاکسی ئەم جۆرە مانشێتە کردارێکی سنورداری تێدا نییە،کرداره بێ سنورەکانیش ئاماژە بەکەس و کات و ڕێژە ناکەن.( Abdulla&Salih,2012:205 ) "لیچ" پێیوایە ئەو جۆرە ڕستەیە فرێزێکی کاری بێسنورە.( Parskova,2009:11 )بەبۆچوونی "کریستاڵ، ئەو ڕستەیەی کە کردارێکی سنورداری تێدابێت،ڕستەکەیەکی سنوردارە،بەپێچەوانەوە ئەگەر کردارەکە سنوردار نەبوو،ڕستەکەش بێسنورە.(Crystal,2003:180) لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە ڕستانە **بە ناوی کردار(چاوگ) دەستپێدەکەن و** کاتێکی دیاریکراویان تێدا نییە،بۆیە دەکرێ سنوری ڕستەکە بەپێی مەبەستی نوسەر درێژ بکرێتەوە.کاتێ ئەم جۆرە ڕستەیە بەکاردێت،کە نێرەر دیەوێت جەخت لەسەر ڕوداوەکە بکاتەوە،بەتایبەتیش ئەو ڕوداوانەی بەردەوامیان تێدایە.ئەم جۆرە مانشێتانە زیاتر وەڵامی ڕەگەزی (چی)دەدەنەوە،لەڕوی واتاشەوە تا ڕادەیەک لێڵن،بەڵام بەهۆی ناوەڕۆکی وتارەکەوە ڕوندەبنەوە،وەك:

(8)- ئـ -هەڵکردنی مۆمی 28 ساڵەی ماڵە گەورەکەی میدیای کوردی (ک.ن،12-1،ژ7762)

ب-............................................................................ (خەبات،نمونەی نییە)

مانشێتی(8-ئـــ)کە ڕستەیەکی ناوی کردارییە،ئەگەر بگێڕینەوە بۆ ڕۆنانی ژێرەوە،دەبێتە ڕستەیەکی سادەی سنورداری وەکو:(مۆمی 28ساڵەی ماڵە گەورەکەی میدیای کوردی هەڵکرا)،بەڵام لەبەر ئەوەی لەم پۆلێنکردنەدا جەخت لەسەر ڕۆنانی سەرەوە دەکرێت،نەوەک ڕۆنانی ژێرەوە،بۆیە بە ڕستەی ناتەواو هەژمار دەکرێ.

**2-2-2-1-مانشێتی بکەری ئاوەڵکاری(Subject Adverbial Headline):**

ئەم جۆرە مانشێتە لە فرێزێکی ناوی سادە یان فراوانکراو کە بکەری مانشێتەکەیە لەگەڵ فرێزێکی ئاوەڵکاری،یاخود فرێزێکی بەند پێکدێت،کە لە پێش کردارەکە دێت،بەڵام لەم جۆرە مانشێتەدا کردارەکە دەکرتێنرێ.(Abdulla&Salih,2012:206)فرێزی ئاوەڵکاریش کە سەرەکەی ئاوەڵکارە،(Crystal,2003:13)بەگشتی لە ڕستەدا وەسفی کردار دەکات،بەڵام لێرەدا بەهۆی کرتاندنی کرداری مانشێتەکە،فرێزە ئاوەڵکاریەکە دەبێتە دیارخەری بکەر و هەردووکیان بەیەکەوە بە مانشێتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکەری ئاوەڵکاری ناودەبرێن.ئەم جۆرە مانشێتە زیاتر وەڵامی هەردوو ڕەگەزی (کێ)و(کوێ)دەداتەوە،وەک:

(9)- ئـ - ئێسک و پروسکی نەتەوەیەک لە سەحرادا (ک.ن،26-7،ژ7922)

فرێزی ناوی(کێ) فرێزی ئاوەڵکاری(کوێ)

ب- ............................................ (خەبات،نمونەی نییە)

کرتاندنی کردار لە مانشێتی(9-ئـــ )دا لێڵی واتایی دروستکردوە،کە بەهۆی ڕۆنانی ژێرەوەش ڕون نابێتەوە،بەڵکو تەنها بە گەڕانەوە بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکە ڕوندەبێتەوە. لێڵی لە زماندا ئەوەیە دەربڕینێک زیاتر لە مانایێک ببەخشێ.(ئەمین،2004: 293)چەند جۆرێکی هەیە،وەک:لێڵی فۆنۆلۆی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی.(عەلی،1998: 50)

## 1-2-2-3-مانشێتی لاڕستەی مەرجی:

لاڕستەی مەرجی لە ڕستە بچوکترە و یەکێکە لە فۆڕمەکانی زمانی دەقبەستو. (Parskova,2009:4)هەندێ جار لاڕستەی مەرجی بە تەنها لەشێوەی مانشێتێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت بەبێ ڕستەی سەرەکی،لێرەدا هەرچەندە لاڕستەکە کردارێکی سنورداری تێدایە،بەڵام هەر بە ڕستەی بێسنور هەژمار دەکرێ،چونکە((ڕستەی شوێنکەوتو گوزارشت لە بیرۆکەیەکی تەواو ناکات و واتاکەی بەندە بە ڕستە سەرەکییەکەوە،بۆیە مەرج نییە بەتەنها بەکاربهێنرێت)).(Rasul,2006:72).ئەم جۆرە ڕۆنانە لە ڕۆژنامە جیهانی و کوردییەکانی تردا بەکارهاتوە،بەڵام لەو دوو ڕۆژنامەیەدا بەکارنەهاتوە،بۆیە بەمەبەستی ڕونکردنەوەی زیاتر ئەم نمونەیەمان داڕشتوە:

(10)-ئەگەر بایدن هەفتەی داهاتو سەرکەوت.

## 1-2-2-4-مانشێتی فرێزی:( Phrase Headline )

فرێز کۆکردنەوەی وشەکانە بۆ دروستکردنی گروپێک،ئەو گروپە وشانە وەکو تاکە کەرستەیەکی زمان ئەرک دەبینن،تا درێژتر و ئاڵۆزتر بن.فرێز زاراوەیەکە لە شیکردنەوەی سینتاکسیدا بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بە یەک ڕەگەز لە ڕۆناندا ،بەگشتی لە وشەیەک یان زیاتر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکدێت.(Crystal,2003:352)فرێز ئەو ڕۆنانەیە کە فرێزی کاری تێدا نییە،دەشێ لە وشەیەک،یان کۆمەڵە وشەیەک پێکهاتبێت.(Biber et al,1999:38)فرێز لەڕوی ڕۆنانەوە لە ڕستە بچوکترە،بەوەی کە شوێنی ڕۆنانێکی نزمتر لە ڕستەدا دەگرێت لە ڕیزبوونی هەرەمیدا،لە وشەش گەورەترە بەوەی کە شوێنی ڕۆنانێکی باڵاتر لە وشە دەگرێت.کەواتە فرێز پێکهێنێکی ناوەندییە و دەکەوێتە نێوان وشە و ڕستە.(حاجی مارف،2014: 208)هەموو فرێزێک سادەبێت یان فراوانکراو سەرەیەکی ڕێزمانی هەیە،کە دەبێتە دیارخراوی فرێزەکە و دەکرێت دیارخەری لەگەڵ بێت یان نەیێت.(کمال:2002: 42)بەم پێیە مانشتێ فرێزی پێکدێت لە فرێزێک،کە دەشێ ئەم فرێزە لە وشەیەک، یان زیاتر پێکهاتبێت،بەڵام بە وردبوونەوە لە ڕۆنانی ئەو جۆرە مانشێتانە،ئەوە ڕوندەبێتەوە،کە بەشی هەرە زۆری ئەو مانشێتانە لە وشەیەک زیاتر پێکاتون،واتە فرێزێکی فراوانکراون.سەرە بە بنەمای ڕۆنانی فرێز و پۆلێنکردنی جۆرەکانی دادەنرێت، "پاڕسکۆڤا" مانشێتی فرێزی بەپێی جۆری سەرەی فرێزەکان دابەشی سەر فرێزی(ناوی،ئاوەڵناوی،ئاوەڵکاری،بەند) کردوە. (Parskova,2009:11)بەڵام لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا تەنیا فرێزی ناوی و فرێزی بەند وەکو مانشێتی سەرەکی بەدیدەکرێن،بۆیە هەر باسی ئەم دوو جۆرەیان دەکەین.

**1-4-2-2-1-مانشێتی فرێزی ناوی(Nominal Headline):**

بە ڕەچاوکردنی بنەمای کورتبڕی،"سوان" پێیوایە((زۆر جار مانشێتی سەرەکی کرتاندنی بۆ دەکرێت و تەنها لە فرێزێکی ناوی بێ کردار پێکدێت))(Swan,2005:359)فرێزی ناوی ئەو پێکهاتەیەی ڕستەیە،کە سەرەکەی ناوە،یان ناو ئاسایە،ئەم سەرەیە بۆی هەیە بەهۆی دیارخەرێکەوە،یان چەند دیارخەرێکەوە فراوان بکرێت.(فەرهادی،2013: 12)واتە دەشێ سەرەی فرێزەکە تەنها بێت،یاخود دیارخەرێک یان زیاتر لە دیارخەرێکی لەگەڵدا بێت.(Abdulla&Salih,2012:207 ) ئەو فرێزە ناویانەی لە مانشێتی سەرەکیدا بەکاردێن زۆربەیان ئاڵۆزن و واتایەکی زۆریان لەخۆ گرتوە،بێ ئەوەی کردارێکیان تێدابێت،بۆ ئەوەی وەسفی ڕوداوەکە بکات،ئەمەش وا دەکات،کە لێکدانەوەیان دوور لە دەقی هەواڵەکە ئاسان نەبێت."مارد" ئەو مانشێتانەی لە ڕوی ڕۆنانەوە دابەشی سەر چەند جۆرێک کردووە: (Mardh,1980:58)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-2-2-4-1-1-مانشێتی فرێزی ناوی فراوانكراو:**

ئەم جۆرە مانشێتە تەنیا وەڵامی یەكێك لە ڕەگەزەكانی پێكهاتەی هەواڵ دەداتەوە،دەكرێ سەرەی ئەم جۆرە مانشێتە بەیەكێك یان زیاتر لە دیارخەرەكانی پێش سەرە فراوان بكرێ ،كەبریتین لە((ژمارە،ئاوەڵناوی نیشانە،ئاوەڵناوی پرس،ڕادە(چەندێتی)،ڕاناوی نەفی،وشەی(هەر،تەنیا.....)،ئاوەڵناوی باڵا)).(عەلی،1998: 18)كە بەبێ ئامرازی خستنەسەر بەشداری لە فراوانكردنی فرێزی ناویدا دەكەن،یاخود بە یەكێك یان زیاتر لە دیارخەرەكانی دوای سەرە فراوان بكرێ، كە بریتین لە((ناو،ئاوەڵناو،چاوگ،ڕاناو، ڕادە،ژمارە)).(كمال،2002: 46)ئەم كەرستانەش بەیارمەتی یەكێك لەم ئامرازە خستنەسەرانە(ی،ە) دەبنە دیارخەری پاش سەرە.(عەلی،1998: 18) فرێزی ناوی فراوانكراو یەكێكە لە سیماكانی زمانی دەقبەستو، كە بریتییە لە هاتنی سێ ناو یان زیاتر،كە بە ڕیزبوونی ناو،یان زنجیرەیەك ناو ناودەبرێت.ئەم جۆرە ڕۆنانە لە نوسینی مانشێتی سەرەكی زۆر بەكادێت،بەڵام لە زمانی ئاسایی كەمتر بەكاردێت.(Biber et al,1999:255)ناوی یەكەم دەبێتە دیارخراو، ئەوانی دواتر دەبنە دیارخەر،ئەم جۆرە مانشێتە بە ڕێژەیەكی دیار لە ڕۆنانی مانشێتی سەرەكی ڕۆژنامە جیهانیەكاندا بەكاردێت،چونكە لەكاتی نوسینیدا پێویستی بەبیركردنەوەی زۆر نییە،شێوازی دارشتنەكەی ئاسانە، ئابوریشە ،نووسەر بەئاسانی دەتوانێ فۆڕمەكەی بگۆڕێت،هاوكات سەرنجراكێشە،چونكە مانایەكی ڕونی نییە،وەك:

(11)- ئـ - گیتاری نیشتمانێكی غەمگین (ك.ن،31-8،ژ7946)

ب- 57 ساڵەی پێشمەرگایەتی سەرۆك بارزانی (خەبات،20-5،ژ5753)

**1-2-2-4-1-2- مانشێتی فرێزی ناوی لێكدراو:**

ئەم جۆرە مانشێتانە لە دوو فرێزی ناوی سادە یان فراوانكراو،یان زیاتر پێكدێن،كە زیاتر بەهۆی ئامرازی بەستنەوەی(و)یان كۆماوە دەدرێنە پاڵ یەكتر،((هەردوو فرێزەكە لە یەك ئاستدان،چونكە لەتەنیشت یەكەوە هاتون)).(Quirk et al,1985:1300)واتە دەبێ فرێزەكان هاوتابن هەمان ئەركیان هەبێ، نابێ یەكێكیان ناوی و ئەوانی تر كاری بن،وەك نمونەی(12- ئـ):

(12)- ئـ -"<u>شەراكەتی ڕاستەقینە</u> و <u>حكومەتێكی بەهێز</u>" (ك.ن،27-1،ژ7774)

ب-......................................... (خەبات،نمونەی نییە)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-2-2-4-2-مانشێتی فرێزی بەند(Prepositional Phrase Headline):**

باوترین ڕۆنانی فرێزی بەند ئەوەیە،کە ئامرازێکی پەیوەندی لەپێش فرێزێکی ناوی بێت.( Biber et al,1999:44)لەم جۆرە فرێزەدا ئامرازەکان دەبنە سەرە و کەرستەکانی تر دەبنە دیارخەر.(فەرهادی،2013: 20)پێکهاتەی ئەم جۆرە مانشێتە کرداری تێدانییە و بەلای کەم لە دوو بەش پێکدێت،کە بریتیین لە:(ئامراز+ فرێزی ناوی)وەک نمونەی(13- ئـ):

(13)- ئـ -بەرەو یادە مەزنەکە (ک.ن،27-5،ژ7874)

ب-.......................... (خەبات،نمونەی نییە)

**1-3-شیکردنەوەی مانشێتەکان لەڕوی ڕۆنانەوە:**

دوای ئەوەی بەشێوەیەکی تیۆری باس لە جۆرەکانی مانشێتی سەرەکی لە روی ڕۆنانەوە کرا، لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین لە خشتەکانی(1، 2)دا بەشێوەیەکی پراکتیکی جۆری مانشێتەکانی هەردوو ڕۆژنامەکە لە روی ڕۆنانەوە دەستنیشان بکەین. مانشێتەکانیش بەپێی شێوازی(ئەگەری هەڕەمەکی ڕێکخراو) بەڕیژەی(25%)لە کۆی مانشێتە سەرەکییەکانی ساڵی(2019)ی هەردوو ڕۆژنامەکە وەرگیراون،بەپێی ئەم ڕێژەیە لەڕۆژنامەی خەبات لە کۆی(240)مانشێت (60)مانشێت و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێش لە کۆی(296) مانشێت (74)مانشێت وەکو کەرستەی تویژینەوەکە وەرگیراون،بەڵام لێرەدا لەبەر زۆری مانشێتەکان و کەمی شوێن لەهەر ڕۆژنامەیەکدا تەنها شیکردنەوەی(10)لەو مانشێتانە خراوەتەڕو.

خشتەی ١: شیکردنەوەی مانشێتەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

| ژمارەی ڕۆژنامە | بەروار | مانشێتەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ-ساڵی 2019 | جۆرەکانی مانشێت لەڕوی ڕۆنانەوە |
|---|---|---|---|
| 7774 | 1-27 | "شەراکەتی راستەقینە و حکومەتێکی بەهێز" | فرێزی ناوی لێکدراو |
| 7782 | 2-5 | پڕۆژەی یەکێتی بۆ دانوستان بەیەک پاکێج مامەڵە لەگەل پرسەکانی هەرێم و بەغدا و کورکوکدا دەکات | ڕ.سادەی فراوانکراو |
| 7810 | 3-10 | دانوستانەکان بۆ پێکهێنانی"حکومەتی نوێ"دەستپێدەکاتەوە | ڕ.سادەی فراوانکراو |
| 7874 | 5-27 | بەرەو یادە مەزنەکە | فرێزی بەند |

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| 7890 | 6-19 | تەواوکردنی پێکهاتەی حکومەت لە ماوەی دوو هەفتەدا | ڕ. ناوی کردار |
| 7906 | 7-8 | کاندیدەکان یەکلا کرانەوە و ماوەتەوە سوێندخواردنی کابینەی نوێ | ڕ.لێکدراو |
| 7946 | 8-31 | گیتاری نیشتمانێکی غەمگین | فرێزی ناوی فراونکراو |
| 7954 | 9-9 | کۆسرەت رەسوڵ:کۆدەنگی و هاوهەڵوێستییەکی دڵسۆزانە هەیە بۆ بەستنی کۆنگرە | ڕ. ئاڵۆز |
| 8002 | 11-4 | عیراق لەبەردەم گۆڕانکاریی سیستەمی پەرلەمانیدا | ڕ. بکەری ئاوەڵکاری |
| 8046 | 12-25 | یەکێتی سەرکەوت | ڕ.سادەی ئاسایی |

خشتەی ٢: شیکردنەوەی مانشێتەکانی ڕۆژنامەی خەبات

| ژمارەی رۆژنامە | بەروار | مانشێتەکانی ڕۆژنامەی خەبات-ساڵی 2019 | جۆری مانشێتەکان لەروی رۆنانەوە |
|---|---|---|---|
| 5669 | 1-10 | سەرۆک بارزانی:هیوادارم چیتر کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەهەڵواسراوی نەمێننەوە | ڕ. ئاڵۆز |
| 5685 | 2-3 | دەبێت پارتی و یەکێتی پێکەوە کاربکەن و چارەسەر بۆ پرسە جیاجیاکان بدۆزنەوە | ڕ.لێکدراو |
| 5729 | 4-14 | ئەمڕۆ مەراسیمی ساڵیادی ئەنفال بەڕێوەدەچێت | ڕ.سادەی فراوانکراو |
| 5753 | 5-20 | 57 ساڵەی پێشمەرگایەتی سەرۆک بارزانی | فرێزی ناوی فراوانکراو |
| 5789 | 7-15 | ئەمڕۆ یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێوەدەچێت | ڕ.سادەی فراوانکراو |
| 5805 | 8-6 | مەسرور بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی نوێی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر دەکات | ڕ.سادەی فراوانکراو |
| 5837 | 9-29 | بارزانی نەمر:ئەگەر دەست بە شەڕ بکەینەوە ،با شەڕ لە پێناو کەرکووک و خانەقین و شنگال بێت،نەک بەهۆی ژیانی منەوە | ڕ. ئاڵۆز |
| 5849 | 10-15 | دەبێ تورکیا هێرشەکانی بوەستێنێت و لە سووریا بکشێتەوە | ڕ.لێکدراو |
| 5873 | 11-18 | مانگرتنی گشتی لە فەرمانگە حکوومییەکانی چوار شاری ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕاگەیەنرا | ڕ.سادەی فراوانکراو |
| 5893 | 12-16 | نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بەرپرسی نووسینگەی یەکێتی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە | ڕ.سادەی فراوانکراو |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-4-خستنەڕوی داتاکانی خشتەی ژمارە(1، 2):**

دوای دەستنیشانکردنی جۆری کۆی مانشێتەکانی هەردوو ڕۆژنامەکە،هەوڵدەدەین لە خشتەی(3)دا ژمارە و ڕێژەی هەر جۆرێک لە جۆرەکانی مانشێتی سەرەکی لەڕوی ڕۆنانەوە بخەینەڕو:

خشتەی ٣: تایبەتە بەخستنەڕوی داتاکانی خشتەی ژمارە(1،2)

ژمارە و ڕێژەی جۆرەکانی مانشێتی سەرەکی لەڕوی ڕۆنانی سینتاکسییەوە

| یەکەم:مانشێتی ڕستەی تەواو | | ڕۆژنامەی خەبات | | ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1-ڕستەی سادە | ڕستەی سادەی ئاسایی | - | %0 | 2 | %2,7 |
| | ڕستەی سادەی فراوانکراو | 33 | %55 | 35 | %47,2 |
| | ڕستەی سادەی کرداری یاریدەدەر کرتاو | - | % 0 | - | %0 |
| 2-ڕستەی ناسادە | ڕستەی لێکدراو | 3 | % 5 | 4 | %5,4 |
| | ڕستەی ئاڵۆز | 23 | %38,3 | 15 | %20,2 |
| ژمارە و ڕێژەی مانشێتی ڕستەی تەواو | | 59 | %98,3 | 56 | %75,6 |
| **دووەم: مانشێتی ڕستەی ناتەواو** | | | | | |
| 1-ڕستەی ناوی کردار | | - | %0 | 3 | %4,05 |
| 2-لاڕستەی مەرجی | | - | %0 | - | %0 |
| 3-ڕستەی بکەری ئاوەڵکاری | | - | %0 | 5 | %6،7 |
| 1-فریزی ناوی | فریزی ناوی فراوانکراو | 1 | %1,6 | 4 | %5,4 |
| 4-فریز | فریزی ناوی لێکدراو | - | %0 | 5 | %6,7 |
| 2-فریزی بەند | | - | %0 | 1 | %1,3 |
| ژمارە و ڕێژەی مانشێتی ڕستەی ناتەواو | | 1 | %1,6 | 18 | %24,4 |
| ژمارە و ڕێژەی هەردوو جۆرەکەی مانشێت | | 60 | %100 | 74 | %100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 5-1- تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی مانشێتی سەرەکی

### 1-5-1-زمانی مانشێتی سەرەکی:

لایەنێکی گرنگی ڕۆژنـامەوانی هـاوچەرخ ئەو زمـانەیە، کە وەرگری پـێ ئـاگـادار دەکرێتەوە.بۆیە بۆ ئەوەی مانشێتی سەرەکی وەسفێکی کاریگەر و وردی ڕوداوەکانی پێبکرێ، لە کاتی داڕشتنیدا گرنگی زۆر بە شـێوازی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی وشـە و فرێز و ڕسـتەکان و ڕیزکردنیان دەدرێت،بێگومان ئەمەش وایکردوە زمانی مانشـێت لە زمانی نوسـینی هەر بابەتێکی تری ڕۆژنامەوانی جیاوازبێت. لەم بـارەیـەوە"سـوان" پێیوایە مـانشـێتی سـەرەکی بە زمـانێکی تـایبەت دەنوسـرێ،کە بە زمـانی دەقبەسـتو(Block Language )ناودەبرێ.(Swan,2005:211)هەروەها "هاڵیدای" دەڵێت:بەهۆی کەمی ئەو پانتاییەی کە بۆ مانشـێت دیاریکراوە لە چەند وشـەیەکی کەم پێکدێت و خاوەنی زمانێکی تایبەتە،کە بە زمانی دەقبەسـتو ناسـراوە و تێیدا ناو و کرداری یەک برگەیی لە شـوێنی ناو و کرداری درێـژ بەکـاردەهـێـنـرێـت.(Abdulla&Salih,2012:191-192 )هەر لەم بـارەوە "مـارد" کە توێژینەوەیەکی گرنگی لەبارەی ڕۆنانی سینتاکسی مانشێت ئەنجامداوە،زمانی نوسینی مانشێتی بە زمانێکی دەقبەسـتو ناوبردوە.بەبڕوای ناوبراو زمانی دەقبەسـتو زمانێکی بواری میدیایە،ئەم جۆرە زمانە لە ڕۆنانە سینتاکسییە کورتەکان بۆ جۆرە پەیوەندیکردنێکی تایبەتی وەکو مانشێتی ڕۆژنامە و ڕێکلام و پۆسـتەر بەکاردێت،تایبەتمەندی ئەو زمانە ئەوەیە،کە زۆر جار لەشـێوەی ڕسـتەی ڕێزمانی بەکارناهێنرێت،چونکە کرداری دیاریکراوی تێدا بەکارناهێنرێت.(Mardh,1980:87) کەواتە زمانی دەقبەسـتو بەو شـێوە داڕشـتنەی زمان دەگوترێت،کە تا ئەوەندەی دەکرێت وشـە و ڕسـتە و فرێزی کورتی تێدا بەکاردێت، بۆیە دەکرێ بڵێین زمانی مانشــێت زمانێکی ئابوورییانەیە،پێویســتە نوســەر بەچەند وشـەیەکی کەم و چەند تەکنیکێکی زمانی پەیامەکەی بەشـێوەیەکی کورت و سـەرنجڕاکێش دابڕێژێت.کورتبڕیش کە یەکێکە لە سیماکانی زمانی دەقبەستو ،مەبەست لێی ڕێکخستنی ناوەڕۆک و جەختکردنەوەیە لەسەر زانیاری گرنگ،چونکە مانشێتنوس بۆشاییەکی زۆر کەمی لەبەر دەستدایە بۆ گەیاندنی زانیارییەکی زۆر.واتە دەبێ هەواڵێکی درێژ لە ڕۆنانێکی کورت چڕبکاتەوە. ئەم خەسڵەتانەی زمانی مانشـێت بوونەتە هۆی ئەوەی ،کە مانشـێتی سـەرەکی لەڕوی زمان و شـێوازەوە تایبەتمەندی خۆی هەبێت و زۆر وابەسـتەی یاسـاکانی ڕێزمان نەبێت.لەم ڕووەوە "هاڵیدای"پێیوایە مانشـێت((لە

ڕوی ڕێزمانییەوە لەگەڵ نوسینەکانی تر جیاوازە و یاسای تایبەت بەخۆی هەیە)).(Halliday,1985:372)بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی مانشێتی سەرەکی کە خۆی لە تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان دەبینێتەوە،بخەینەڕو:

**1-1-5-1-تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکان:**

لە داڕشتنی دەقە ڕۆژنامەوانیەکاندا بەگشتی و مانشێتی سەرەکی بەتایبەتی،گرنگی زۆر بە بەکارهێنان و هەڵبژاردنی جۆر و فۆڕم و ناوەڕۆکی وشەکان دەدرێت،چونکە کەرستە جیاوازەکان واتا و کاریگەری جیاواز لەسەر وەرگر جێدەهێڵن،بۆیە لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە زیاتر گرنگی بە بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی کورت و ڕون و کاریگەر و جیاواز لە وشەی ئاسایی دەدرێت.(Swan,2005:212 )وشە فەرهەنگییەکان زانیاری زۆر لەخۆ دەگرن،بۆیە لە نووسینی بروسکە و تێبینی و مانشێتدا بەکاردەبرێن.(Biber et al,1999:55)لەنێو وشە فەرهەنگییەکاندا ناو و کردار زۆر چالاکن،ناو لە داڕشتنی هەموو جۆرەکانی مانشێت ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت ،بەبێ ناو مانشێت دروست نابێت. کرداریش کە بەشێکی سەرەکی ڕۆنانی ڕستەیە،ڕۆڵێکی سەرەکی لە داڕشتنی ئەو مانشێتانە دەبینێت،کە لە شێوەی ڕستەی تەواون،نەک ڕستەی ناتەواو،بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر سود لە کردارە داڕێژراو و لێکدراوەکان وەردەگیرێ،چونکە دەتوانن وەسفێکی وردتری ڕوداوەکان بکەن.ئاوەڵکردار و ئاوەڵناو و ژمارەش لەم کاتانەدا بەکاردێن،ئاوەڵکردار تەنها ئەو کاتانە بەکاردێت،کە مانشێتنوس بیەوێت وەسفی روێکی ڕودانی ڕوداوەکە بکات و زەقی بکاتەوە.ئاوەڵناویش کاتێ بەکاردێت،کە ناوێک پێویستی بە وەسف کردن و جەخت لەسەر کردنەوە هەبێت،لە هەندێ کاتیشدا ژمارە وەکو بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ڕوداوەکان بەکاردێت،بەڵام جێناوە سەربەخۆکان بەهەموو جۆرەکانییەوە (هەیی،خۆیی،کەسی سەربەخۆ...هتد) ناتوانن لە مانشێتدا شوێنی ناوێکی دیاریکراو بگرنەوە،بۆیە زۆر بەدەگمەن بەکاردێن.جگە لەم کەرستانە هەندێ جاریش وشە و زاراوەی بیانی،یاخود ئەکرۆنیم،واتە کورتکراوی ناو و زاراوەکان، کە فۆڕمێکی ئابوری لەخۆدەگرن بەکاردێن،بە پێچەوانەوە وشە ئەرکییەکانی وەک:ئامرازی(پرس، سەرسوڕمان،بانگکردن،نیشانە)، جێناوە کەسییە لکاوەکان،جگە لە کەسی سێیەمی تاک و یەکەم و سێیەمی کۆ ،ئامرازە لێکدەرەکان،ئامرازی گەیەنەری(کە) ڕۆڵێکی ئەوتۆ لە داڕشتنی مانشێتدا نابینن،چونکە((واتایان نزمە و کرتاندنیان ئاساییە و بەهۆی دەوروبەرەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێیـان تێـدەگەین)).(Abdulla&Salih,2012:203)بۆیە هەر بەکـارنـاهێنرێن،یـان بەپێی توانا بەمەبەستی کورتبڕی دەکرتێنرێن.

**1-5-1-2- تایبەتمەندییە سینتاکسییەکان:**

جەختکردنەوە لەسەر کورتبڕی و وەسفکردنی ڕوداوەکان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە،وای کردوە((جۆرە شـێوازێکی تـایبەت و جیـاواز لە زمـانی ئـاسـایی لە نوسـینی مـانشـێتـدا سـەرهەڵبـدات)).(الجندوبی،2010:؟)ئەمەش سـیماکانی لە زمانی دەقبەسـتودا بەدیدەکرێت.لەڕوی سـینتاکسـییەوە((یەکەکانی ئەم جۆرە زمانە زانیاری زۆر لەخۆناگرن،بە فرێزی ناوی فراوانکراو،یەکەی سینتاکسی نزمتر لە ڕسـتە و کرتاندنی ئەو وشـانەی کار لەواتا ناکەن ناسـراوە)).(Mardh,1980:87)هەر لەم بارەوە هەندێ توێژەر باسیان لەو سیما سینتاکسییانەی زمانی دەقبەستو کردوە،کە لە نووسینی مانشێتی سەرەکیدا بە مەبەستی کورتبڕی و خێراکردنی تێگەیشتن بەکاردەهێنرێن.( Swan,2005:211-212 ) و(Biber et al,1999:461-468) بۆیە لێرەدا بەگشـتی باس لەو سـیمایانە دەکەین،کە لە ڕۆنانی سینتاکسی مانشێتی سەرەکیدا بەکاردێن، بەم شێوەی خوارەوە:

1-مانشـێتی سـەرەکی هەموو کاتێک ڕسـتەیەکی تەواو نییە،بەڵکو هەندێجار بەهۆی کورتبری و ئاشکرانەکردنی زانیارییەوە لە فرێزێکی ناوی لێکدراو یان فراوانکراو،وەک نمونەی(14- ئـ)، یان ئەو مانشێتانەی بە بکەری ئاوەڵکاری ناودەبرێن،وەک نمونەی(14-ب):

(14)- ئـ -بارانی بەخوڕی کوردستان (ک.ن،4-5،ژ7830)
ب-ئێسک و پروسکی نەتەوەیەک لە سەحرادا (ک.ن،7-26،ژ7922)

2-سـیمایەکی تری زمانی دەقبەسـتو لە مانشـێتدا،دەرکەوتنی زنجیرەیەک ناوە لە دوای یەکتر،کە بە فرێزی ناوی ئاڵۆز ناو دەبرێ و لە زنجیرەیەک ناوی بەدوایەک هاتودا پێکدێت،کە ناوی یەکەم دەبێتە دیارخراو(سەرە) و ناوەکانی دواوە دەبنە دیارخەر،وەک:

(15)-بارودۆخی ناوچەکانی ماددەی 140ی دەسـتووری عێراق تەوەرێکی دانیشـتنەکەی ئەمڕۆ بوو (خەبات،5-14،ژ5749)

3-جاری وا هەیە مانشێتی سەرەکی لە زیاتر لە فرێزێکی ناوی لێکدراو ،یان فراوانکراو پێکدێت،وەک نمونەی(16)،هەم فرێزێکی ناوی لێکدراوە،هەم خودی فرێزەکانیش فراوانکرون:

(16)-یەکهەڵوێستی، شەراکەتی راستەقینە، ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک (ک.ن،10-2،ژ7886)

4- ناوی کردار واتایەکی دینامیکی هەیە و کاتی تێدانییە،بۆیە بەکارهێنانی لە سەرەتای مانشێتدا بۆ گوزارشتکردنە لە ئاینده،یان لەو ڕوداوانەی بەردەوامیان تێدایە، واتە لە ڕابوردو ڕویانداوە،بەڵام هێشتا کاریگەریان ماوە،وەک:

(17)-چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم
بەغدا بەپێی دەستوور (ک.ن،24-7846،4)

5-((بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەکرێ لە مانشێتدا کاتی ڕانەبوردو ئاماژە بێت بۆ ڕابوردو و ئێستا و داهاتو)).(Biber et al,1999:456)زیاتر کاتی ڕانەبوردو بەکاردێت،ئەمەش بۆ بەزیندو هێشتنەوەی ڕوداوەکەیە لای وەرگر،بۆنمونە کرداری ئەم مانشێتە ڕانەبوردوە،کەچی گوزارشت لە ڕوداوێک دەکات،کە کاتی ئامادەکردنی ئەم هەواڵە ڕویداوە:

(18)-حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی چاکسازی ڕەوانەی پەرلەمان دەکات (خەبات،19-8،ژ5809)

6-لەبەر ئەوەی ئاوەڵکار کەرستەیەکی بە ئارەزوە و شوێنێکی جێگیری نییە لەرستەدا،زۆر جار بۆ زەقکردنەوە و تیشکۆ خستنە سەر چۆنیەتی یان کاتی یان شوێنی ڕووداوەکە لە پێشەوەی مانشێت بەکاردەهێنرێت و وەڵا می بەشێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهاتەی هەواڵ کە بریتین لە:(کەی،چۆن،کوێ،بۆچی)دەداتەوە،وەک:

(19)-بەم نزیکانە یەکێتی و پارتی کۆدەبنەوە (ك.ن،7-1، 7758)

7-بەناوکردنی کردار (Nominaliztion)تەکنیکێکی گرنگە و لە ڕۆنانی مانشێتدا زۆر بەکاردێت،چونکە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێ هەندێ لە کەرستەکانی مانشێت وەک: کرداری یاریدەدەر،کات و شوێن...لابدرێن،هاوکات دەکرێ بۆ گواستنەوەی تیشکۆ لەسەر کەرستەکانی ڕستەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکاربێت.(Rasul,2006:95)کاتێ مانشـــێتنوس کرداری مانشـــێتەکە دەگۆڕێت بۆ ناوی کردار و دەیهێنێتە پێشــەوەی مانشـێتەکە، بۆ ئەوەیە کە جەخت لەسـەر ڕوداوەکە بکات،نەوک کەرسـتەیەکی تر،وەک:

(20)-تەواوکردنی پێکهاتەی حکومەت
لە ماوەی دوو هەفتەدا (ک.ن،19-6،ژ7890)

8-هەرچەنـدە لەڕوی ڕونی و ئـاشــكرایی و بـابەتی بوونی هەواڵەوە کرداری بکەر دیـار متمـانەی زیاترە،کەچی لە ڕۆنانی مانشـــێتدا زۆر جار لە پێناو ڕاکێشـــانی ســـەرنجی وەرگر و دورکەوتنەوە لە بەرپرسیاریەتی و زەقکردنەوەی بەرکار،تەکنیکی بکەر نادیار بەکاردەهێنرێت،وەک:

(21)- ڕێکەوتنامەی نێوان یەکێتی و پارتی ئیمزاکرا (ک.ن،5-3،ژ7806)

9-لە مانشـــێتی ســـەرەکی ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهاندا کاری یاریدەدەر،یاخود ئەو وشـــانەی مۆدالیتی دەنوێنن،وەک(دەبێ،پێویســـتە،لەوانەیە...هتـد)دەکرتێنرین،چونکە کرتـانـدنیـان کـاریگەری لەسـەر لێکدانەوەی پەیامەکە دروسـت ناکات.(Abdulla&Salih,2012:205)بەڵام پێچەوانەوە ئەم وشـــانە لە هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و کوردســـتانی نوێ،بەتایبەتیش لە خەبات بە ڕێژەیەکی باش بەکارهاتوون.((چونکە ئەم شـێوازە دەبڕینە یارمەتی ڕۆژنامەنوسـان،یان بەرپرسـان دەدات سـەرنج و بۆچوونەکانیان لەسەر بابەتێک بخەنەڕو)). (Reah,1998:95)وەک:

(22)-دەبێت پـارتی و یەکێتی پێکەوە کـاربکەن و چـارەســـەر بۆ پرســـە جیـاجیـاکـان بـدۆزنەوە (خەبات،3-2، 5885)

10-بەکـارهێنـانی وتەی وەرگیراوی ڕاســـتەوخۆ یـان نـاڕاســـتەوخۆ یەکێکی ترە لەو تەکنیکە سینتاکسیيانەی ،کە زیاتر لە نوسینی مانشێتدا بەکاردێت،دیارە مەبەستی پەیامنێریش لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە،زیاتر بۆ سەلماندنی ڕاستی هەواڵەکە و دورکەوتنەوەیەتی لە بەرپرسیاریەتی،وەک:

(23)-وەزارەتی پلاندانان:ئامادەکارییەکان
بۆ سەرژمێری گشتی دەستی پێکردووە (ک.ن،5-8،ژ7930)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

11-زۆرێک لەو مانشـــێتانەی ڕســـتەی ئاڵۆزن،وتەی وەرگیراون.کرتاندنی ئامرازی گەیەنەری(کە)و کرداری ڕســـتەی ســـەرەکی و دانانی نیشـــانەی دووخاڵ لەســـەر یەک(:)لە شـــوێنی کردارەکە لەو جۆرە مانشێتانەدا بەمەبەست جێبەجێدەکرێت.لەم بارەوە هەندێک پێیانوایە ئەم دیاردەیە جگە لەوەی کە بۆ مەبەســـتی کورتبڕی بەکاردێت، هاوکات ((کرتاندنی ئامرازی گەیەنەر گوزارشـــتێکی دراماتیکش دروست دەکات)).(Crystal,2003:450)وەک:

(24)-دادگای فیدراڵی:

کارکردن بە مادەی 140 بەردەوام دەبێت   (ک.ن،7-31،ژ7936)

12- یەکێکی تر لە ســـیماکانی زمانی دەقبەســـتو،بریتییە لە بەکارهێنانی کۆما،یان ئامرازی(و) لەبری ئامرازە لێکدەرەکانی تر لە ڕۆنانی مانشێتی ڕستەی لێکدراودا، وەک ئامرازی(و)لە نمونەی(25) :

(25)-کاندیدەکان یەکلا کرانەوە و

ماوەتەوە سوێند خواردنی کابینەی نوێ     (ک.ن،8-7،ژ7906)

13-هەندێجار ئەو مانشـــێتانەی وتەی وەرگیراوی ڕاســـتەوخۆن لە نێوان جووت کۆمای ئاوەژوو(" ")دادەنرێن،وەک:

(26)-''کۆبوونەوەکانی وەفدی هەرێم لە بەغدا بەردەوامن"    (ک.ن،2-12،ژ8026)

14-هەرچەندە خاڵبەندی بە هەموو جۆرەکانییەوە یارمەتی ڕونکردنەوەی واتا دەدات.کەچی کریستاڵ ئاماژە بەوە دەکات،کە  ئاگادارییەکان و مانشـــێتی ڕۆژنامەکان لەڕوی بەکارهێنانی خاڵبەندییەوە هەژارن،(Crystal,2003:215)بەتایبەتیش دانەنانی خاڵ لە کۆتایی مانشێتدا.

15-لادان لە یاســـا ســـینتاکســـییەکان،بۆنمونە بەکارهێنانی کرداری ڕانەبوردو لە بری کاتی ڕابوردو و ئێســـتا،یاخود کرتاندنی کرداری ســـەرەکی لەو مانشـــێتانەی بە بکەری ئاوەڵکاری ناســـراون،وەک لەم نمونەیەدا بەدیدەکرێ:

(27)-عیراق لەبەردەم گۆڕانکاریی سیستەمی پەرلەمانیدا   (ک.ن،4-11،ژ8002)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

16-دەستپێکردنی مانشێت بە فرێزی ناوی،واتە بەکارهێنانی کەسی سێیەم،کە خۆی لە بکەر،یان ناوی سەرچاوەی هەواڵ دەبینێتەوە،شێوازێکی زۆر باوە،چونکە ئاستی متمانە و بێلایەنی و بابەتی بوونی هەواڵەکە بەرز دەکاتەوە،وەک:

(28)-نێچیرڤان بارزانی بەشداری لە هەشتەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر دەکات (خەبات،27-10،ژ5857)

17- میتافۆڕ بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە نووسینی مانشێتدا بەکاردەهێنرێ،هەندێ جاریش خودی مانشێتەکە لە دەربڕینێکی میتافۆڕی پێکدێت،وەکو نمونەی(29)،کە مانشێتکی سەرەکییە،لە ساڵڕۆژی کۆچی دوایی سەرکردەیەکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەکو وەسفێک بۆ ئەو سەرکردەیە بەکارهاتوە:

(29)-رۆژگاری فیلەتەن (ک.ن،9-8،ژ7934)

18- ڕێکخستنی باس و خواس لە پێکهاتەی زانیاری مانشێتدا هۆکارێکە بۆ گۆڕینی ڕیزبوونی ئاسایی کەرستەکانی مانشێت لە ڕۆنانی سەرەوەدا و بەلوتکەکردنی یەکێک لەم کەرستانە:بەرکار،بەرکاری ناڕاستەوخۆ،ناوی کردار،ئاوەڵکار،ژمارە،وەک:

(30)-16 لایەن بەشداری (هاوپەیمانی کوردستانی)دەکەن (ک.ن،2-10،ژ7974)

19-لەبەر ئەوەی شوێن پاشەکەوت دەکەن،بەکارهێنانی ئەو کورتکراوانەی لەشێوەی ئەکرۆنیمن لە بری فرێزە ناوییە ئاڵۆزەکان لە مانشێتی سەرەکی ڕۆژنامە جیهانیەکاندا زۆر باوە،بەڵام لەو نمونانەی لە هەردوو رۆژنامەکە وەرگیراون، سود لەم تەکنیکە نەبینراوە.

20-هاتنی بریناو وەکو دیارخەری پێش سەرەی فرێزی ناوی زۆر باوە،بەتایبەتی بۆ ناوی کەسانی ناودار و خاوەن پلە و پایە،وەک وشەی(سەرۆک)لە نمونەی(31)دا:

(31)- سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی پارتی تورکمان ئیللی دەکات (خەبات،1-4،ژ5721)

21-هێندەی گرنگی بەو وشە و فرێز و ڕستانە دەدرێت،کە هەڵگری واتایەکی وروژێنەر و دراماتیکی بەهێزن،هێندە گرنگی بە فۆڕمی وشە و فرێزەکان نادرێت.وەک ئەم فرێزانەی (32):

(32)-ئومێدی ژیانێکی بەختەوەر و دوور لە چەوسانەوە بۆ هەموو کرێکارانی ئازیز دەخوازم (خەبات،2-5،ژ5741)

22-هەرچەندە بەپێی تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕۆژنامەوانی، بەکارهێنانی ئاوەڵناو لە داڕشتنی هەواڵدا زۆر پەسند نییە،چونکە هەست و سۆزی نێرەری تێکەڵ دەبێت،ئەمەش لە بابەتی بوونی هەواڵ کەمدەکاتەوە،بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆژنامە کوردییەکان زۆربەیان حزبین،بۆیە ئاستی بەکارهێنانی ئاوەڵناو لە ڕۆنانی مانشێتدا وەکو دیارخەری ناو بۆ وەسفکردنی ڕوداوەکان و جەختکردنەوە لەسەر زانیاریەکان بەمەبەستی ورۆژاندنی وەرگر زۆر بەکار دێت،وەک:

(33)- نێچیرڤان بارزانی:هەرێمی کوردستان زەمینەیەکی لەبار و ماددەیەکی خاوی زۆر باشی گەشتیارییە (خەبات،18-3،ژ5713)

23-ڕەنگدانەوەی سیماکانی لکانی ڕێزمانی وەک:(ئاماژە،کرتاندن،بریتیخستن،بەستن،...هتد)لە ڕۆنانی مانشێتی سەرەکیدا بە مەبەستی لکانی بەشەکانی مانشێت و ڕزگاربوون لە دوبارەبوونەوە پیادەدەکرێ،بۆیە لێرەدا هەوڵدەدرێ هەندێ لەو سیمایانەی لکانی ڕێزمانی کە تایبەتن بە ڕۆنانی مانشێت بخرێنەڕو:

ئـــ-کرتاندن(Elipses):کرتاندن لە مانشێتی سەرەکیدا بەچەند شێوەیەکی جیاواز لە زمانی ئاسایی جێبەجێدەکرێ،وەک:

1-کرتاندنی ناوی سەرچاوەی هەواڵ:ئەم دیاردەیە لە هەندێ لەو مانشێتانەی وتەی وەرگیراون،بۆ دوو مەبەستە،کە یەکێکیان کورتبڕییە و ئەوەی تریش ئاشکرانەکردنی هەموو زانیاریەکانە،تا لە ڕێگەیەوە سەرنجی وەرگر بۆ خوێندنەوە و دۆزینەوەی سەرچاوەی هەواڵەکە ڕابکێشرێت،لەم دۆخەدا وتە وەرگیراوەکە لەنێوان جوت کۆمای ئاوەژو دادەنرێت،وەک:

(34)-"شەراکەتی راستەقینە و حکومەتێکی بەهێز" (ک.ن،1-27،ژ7774)

**2-کرتاندنی کردار:** کرتاندنی کردار لە زمانی ئاسایدا تەنیا لە ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆز و دەقدا جێبەجێدەکرێت،بەڵام لەمانشێتی سەرەکیدا جگە لەم شێوانە،کرتاندنی کرداری سەرەکی لەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مانشـێتانەی لە شـێوەی ڕسـتەی سـادەن و بە مانشـێتی بکەری ئاوەڵکاری ناودەبرێن دەکرتێنرێ،وەک نمونەی(35-ئـــ)،بەهەمان شێوە لەو ڕستە ئاڵۆزانەی کە لە شێوەی وتەی وەرگیراون کرداری لاڕستەی سەرەکی دەکرتێنرێ و نیشانەی(:)لەشوێنی دادەنرێ،وەک نمونەی(35-ب):

(35)-ئ -شەربەتی نایاب بۆ جوانی نایاب (ک.ن،12-7،ژ7910)

ب-مەسرور بارزانی: سەقامگیری هیچ حکومەتێک پارێزراو نابێت

ئەگەر خەڵکەکەی ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ و ڕێزلێگیراویان نەبێت (خەبات،10-3،ژ5841)

**ب-دەقە ئاماژەی دواوە(Cataphora):**بەگشـــتی هەموو مانشـــێتک بۆخۆی ئاماژەیە بۆ دەقەکەی دوای خۆی، چونکە زۆر جار تێگەیشـتن لێی وابەسـتەیە بە ناوەڕۆکی هەواڵەکەوە،بۆیە لە مانشـێتدا ئاڕاستەکردنی خوێنەر بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکە تەکنیکێکی بەمەبەستە،لەوەش زیاتر دەکرێ بڵێین:

1- لەو مانشـێتانەی وتەی وەرگراون،هەمیشـە ناوی سـەرچاوەی هەواڵەکە دەبێتە دەقە ئاماژە بۆ وتە وەرگیراوەکەی دوای خۆی،کە لاڕستە شوێنکەوتوەکە دەگرێتەوە،وەک:

(36)- گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بۆ((خەبات)): لەبارەی بودجەی 2020لەگەڵ بەغدا ڕێکدەکەوین (خەبات،12-11، ژ5869)

2-ئەو مانشـێتانەی کە لە شـێوەی پرسـیارن دیسـان دەقە ئاماژەن بۆ دواوە،چونکە بۆ دەسـکەوتنی وەڵامی پرسیارەکە،خوێنەر ئاڕاستەی دەقی وتارەکە دەکەن،وەک:

(37)-سووتانی دەغڵ و دان

تەشقەڵەیەکی ترە بۆ تەعریب؟ (ک.ن،15-6،ژ7886)

ت-پێش و پاشخستن:جێگۆڕکێی کەرستەکان لە ڕۆنانی مانشێتی سەرەکیدا تەکنکێکی بەمەبەستە و زۆریش گرنگی پێدەدرێ،بۆیە ئەم تەکنیکە لە مانشێتدا بە دوو شێوەی جیاواز جێبەجێدەکرێت،وەک:

1-پێشخستنی ناوی کردار:وەک بەلوتکەکردنی ناوی کرداری(چارەسەرکردن)لە نمونەی (38)دا.

(38)-چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و

بەغدا بەپێی دەستوور (ک.ن،24-4،ژ7846)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2-پێشــخســتنی نـاوی ســەرچـاوەی هەواڵ:ئەم دیـاردەیە لەو مـانشــێتـانەی وتەی وەرگیراون جێبەجێدەکرێ،وەک فرێزی ناوی(نێچیرڤان بارزانی)لە مانشێتی(39)دا:

(39)-نێچیرڤان بارزانی:لەم مانگەوە پاشەکەوتی مووچە نامێنێت (خەبات،10-3،ژ5709)

## 1-5-2-ئەنجام:

1-مانشێتی سەرەکی بەرهەمی پەستان و چڕکردنەوەی زانیارییە،بۆیە پێویستە بەچەند وشەیەکی کەم واتایەکی زۆر بگەیەنێت، هەر ئەمەش وایکردوە خاوەنی شــێواز و زمانێکی تایبەت بەخۆی بێت،کە بە زمانی دەقبەســتو ناو دەبرێ.ئەم جۆرە زمانە ئابورییانەیە و بۆ جۆرە پەیوەندیکردنێکی تایبەتی وەکو مانشێت و... بەکاردێت. تایبەتمەندییەکانیشی بەم شێوەیە:

-لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە : لەبەر ئەوەی وشـــە فەرهەنگییەکـان زانیـاری زۆر لەخۆ دەگرن،بۆیە زیـاتر گرنگی بە بەکارهێنانی وشـــەی فەرهەنگی کورت و ڕون و کاریگەر دەدرێت.بەڵام وشـــە ئەرکییەکان واتایان نزمە،دەکرێ بەهۆی دەوروبەرەوە لێیان تێبگەین،بۆیە بەپێی توانا دەکرتێنرێن.

-.لەڕوی سینتاکسییەوە:بە بەکارهێنانی فرێزی ناوی فراوانکراو، یان لێکدراو، یان یەکەی سینتاکسی نزمتر لە ڕستە و کرتاندنی ئەو وشانەی کار لەواتا ناکەن ناسراوە.

2-بەگشتی لەڕوی ڕۆنانەوە مانشێتی سەرەکی دابەشی سەر دوو جۆری سەرەکی دەبێت:(مانشێتی ڕســتەی تەواو،مانشــێتی ڕســتەی ناتەواو).ئەو مانشــێتانەی ڕســتەی ناتەواون لەگەڵ بنەمای کورتبڕی دەگونجێن ،بەڵام واتایەکی تەواو نابەخشـــن، بۆیە تەنها لە ڕۆنانی مانشـــێتدا دەکرێ وەک یەکەیەکی زمانی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ.

3-داتـاکـانی خشـــتەی(3)ئەوە دەردەخەن، کە لە هەردوو ڕۆژنـامەکەدا بەپلەی یەکەم گرنگی بە بەکارهێنانی ڕســتەی ســادەی فراوانکراو دراوە،کە جۆرێکە لە مانشــێتی ڕســتەی تەواو، ئەم جۆرە ڕستەیە هەم لەگەڵ بنەمای کورتی و ڕونی دەگونجێت،هەم سەرنجڕاکێشە.بەپلەی دووەمیش گرنگی بە ڕستەی ئاڵۆز دراوە،چونکە زۆربەی ڕستە ئاڵۆزەکان لە شێوەی وتەی وەرگیراون،ئەم وتانەش ئاستی متمانە و بابەتی بوونی هەواڵ بەرزدەکەنەوە.

4- بەپێی داتاکانی خشتەی(3) زۆربەی ئەو مانشێتانەی لە شێوەی ڕستەی ناتەواون لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بەکارهاتون، چونکە بەگشتی مانشێتەکانی ئەو ڕۆژنامەیە مەیلیان بەلای کورتبڕیدایە و هەوڵیانداوە لەو ڕێگایەوە سەرنجی وەرگر بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکە ڕابکێشن.لەبەرامبەریشدا لە ڕۆژنامەی خەباتدا زیاتر گرنگی بە ڕستەی سادەی فراوانکراو و ڕستەی ئاڵۆز دراوە،چونکە مانشێتەکانی ئەم ڕۆژنامەیە مەیلیان بەلای درێژبڕیدایە و بەو هۆیەشەوە بەشێکی زۆری ناوەڕۆکی هەواڵەکە بۆ وەرگر ڕوندەکەنەوە.

5-هەر بەپێی داتاکانی خشتەی(3)ڕستەی سادەی ئاسایی و ڕستەی لێکدراو لەنوسینی مانشێتی سەرەکیدا زۆر کەم سودیان لێ وەرگیراوە،چونکە یەکەمیان ڕستەیەکی کورتە و ناتوانێت گوزارشتێکی ڕون لە کرۆکی هەواڵەکە بکات.دووەمیشیان ڕستەیەکی درێژە و بۆشایەکی زۆر داگیردەکات.

6-هەموو کاتێک مانشێتی سەرەکی ڕستەیەکی تەواو نییە،بەڵکو هەندێجار بەهۆی کورتبڕی،یاخود ئاشکرانەکردنی زانیارییەوە،مانشێتنوس هەوڵدەدات لە ڕێگای چەند تەکنیکێکی سینتاکسی وەک:(کرتاندنی کرداری سەرەکی،یان ناوی سەرچاوەی وتەی وەرگیراو،ڕیزکردنی زنجیرەیەک ناو،بکەر نادیار،دەربڕینی میتافۆڕی...هتد) سەرنجی وەرگر بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکە ڕابکێشێت.

## ناوی سەرچاوەکان:

### 1-سەرچاوەی کوردی:

1-ئەمین،وریا عومەر.(2004)،*چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی*،بەرگی یەکەم،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر.

2-حاجی مارف،ئەوڕەحمانی.(2014)،*فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی*، چاپی دووەم،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.

3- ڕەسووڵ، عەبدوڵڵا حوسێن.(2015)،*چەند باسێکی وردی زمانەوانی- کوردی*،بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم،چاپخانەی هێڤی،هەولێر.

4-ژوبیان، سامی.(2009)،*دەروازەیەکی تیۆری و پراکتیکی بۆ ڕۆژنامەگەریی ڕۆژانە و ڕاگەیاندن*،وەرگێڕانی:هاوژین عومەر،چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی(دهۆک).

5-سعید،یوسف شریف.(2009) *دۆخەکانی ژێرەوە لای فێلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی* ،چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر.

6--عەلی، تاڵیب حوسێن .(1998)،*هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا*،نامەی دکتۆرا-فەلسەفە،کۆلێجی ئاداب،زانکۆی سەڵاحەدین.

7--فەتاح،محەمەد مەعروف.(2013)،*چیرۆکە هەواڵ لەنێوان بۆتە و زماندا،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە(25).*

8–فەرهادی،ساجیدە عەبدوڵلا.(2013)،*هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی*،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

9-قادر، کاروان عومەر.(2008) ،*ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا*، چاپی یەکەم ،مەڵبەندی کوردۆلۆجی-چاپخانەی تیشک ،سلێمانی.

10-کمال،دیار عەلی،(2002)،*ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە*،نامەی ماستەر،کۆلێجی پەروەردە_زانکۆی سەڵاحەدین.

11-ویدسۆون، هـ.د.(2008)،*سەرەتایەک بۆ زمانەوانی*،وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە-د.هۆشەنگ فاروق،چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی(دهۆک)

**2-سەرچاوەی عەرەبی:**

1-الجميلي، عطيم كامل و العاني، ثناء .(2012)، *صناعة الاخبار الصحفية والتلفزيونية*،ط 1،عمان:دار صفاء للنشر والتوزيع .

2-الربيعي،أكرم فرج.(2014)،*كفايه الاتصال والاستعمال اللغوى فى تحرير الرسالة الصحفية*،مجلة الباحث الاعلامى، العدد(24-25))

3-الجندوبي،المهدى.(2010)،*كتابه عناوين المواضيع الصحفية*،يوم زيارة(2020/7/27) http://journalismwritingcourses.blogspot.com/2010/11/blog-post_19.html

4-بلعابد، عبداحق .(2008 )،*عتبات (جيرار جينيت من النص الى المناص)*، ط 1،الدار العربيه للعلوم والنشر،لبنان.

5- دردونة، مدحت ربيع.(2017)،*بناء الجملة فى لغة عناوين الاخبار فى الصحف العربية*،مجلة جامعة *الاقصى(سلسلة العلوم الانسانية)*المجلد الحادي والعشرون،العدد الاول، ISSN 2518-5810.

6-عبدالعزيز،محمد حسن.(؟)،*لغة الصحافة المعاصرة*،الناشر:دار المعارف،كورنيش النيل،القاهرة،ج.ج.ع).

**3-سەرچاوەی ئینگلیزی:**

1-Abdulla, Q A. Salih, Y M.( 2012).*Linguistic Features of Newspaper Headline,Journal of Al-Anbar University for Language and Literature*, 2012, Volume , Issue 7, Pages 192-215.

2-Biber,D.Johansson,S.Leech,G. Conrad ,S.and Finegan,E.(1999).*Longman Grammer of Spoken and Written English.England*: London : Longman ..

3-Crystal,D.(2003)*A Dictionary of Linguistic and Phonetics*.(5nd Ed).Cambridge University Press.
4-Dor,D.(2003)*On Newspaper Headlines as Relevance Optimizers*.*Journal of Pragmatics.* 35,pp 695–721.
5-Fattah,M.M.(1997)*A generative grammar of Kurdish*,University of Amsterdam.
6--Halliday,M,A.(1985)*An Introduction to Functional Grammer* .London:Edward Arnold.
7-Mardh,I.(1980)*Headlinese:on the Grammer of English Front Page Headlines*.Gotab.ISBN 9140047539.
8-Praskova ,Eva (2009)*Grammar in Newspaper Headline* . Bachelor paper. Praskova ,Eva University of Pardubice. dspace,unce,cz/bitstream/10195/34683/1/ .
9-Quirk,R.Greenbanm,S.Leech,G.and Svartvilk,J.(1985).*A comprehensive Grammar of the English Language*.First Published.Longman-London and New York.
10-Reah,D.(1998)*The Language of Newspaper*.London:Routledge.
11-Rasul.K.A . (2006)*The Syntax of Journalism with Reference to English and Kurdish*. Master Degree-College of Languages-Salahddin of University.
12-Swan,M.(2005)*Practicel English Usage*.(3 ed).Oxford Univeresity Press.
13-Van Dijk,T.(1988) *News as Discourse*.New Jersy;Lawrence Erlbauin Associates.

# Grammar characteristics of Mastheads in the Kurdish press *(Xebat* and *Kurdistani Nwe*) Newspapers as Samples

**Talib Hussein Ali**
Department of Kurdish Language, College of Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
talib5151@yahoo.com

**Fuad Salih Rasheed**
Erbil Public Education, Ministry of Education, Kurdistan Region, Iraq
fuadsalhrasheed@gmail.com

***Keywords***: *Main Title, Morphology, Grammar, Block Language, Grammatical properties*

## Abstract:

Mastheads have a major importance and role as an influential linguistic unit in the press, so that there is a difference between the language used in headlines and the

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

vernacular, in terms of language and wording. Therefore, this research aims to explain and analyze the main titles in the two newspapers (Khebat, Kurdistan News) in an attempt to show the morphological and grammatical peculiarities that distinguish the language of Manshet from the vernacular language. For this purpose, the research began with an explanation of the concept and term (Manshet) and its main types in terms of formulation, and then, carefully and in detail, the linguistic characteristics of the Manchette writing language were determined. In conclusion, the results of the search were presented in a number of points.

---

## خصائص القواعد اللغوية لعناوين الرئيسة في الصحافـة الكوردية جريدتى (خەبات، كوردستان نوێ) أنموذجا

**ملخص:**

لعناوين الرئيسـة أهمية ودور كوحدة لغوية مؤثرة في الصـحافة، بحيث أصـبح هناك فرق بين اللغة المسـتخدمة في العناوين واللغة الدارجة، من حيث اللغة والصـياغة .لذلك فإن هذا البحث تهدف الى تفسـير وتحليل العناوين الرئيسـة في صـحيفتي (خەبات، كوردستانى نوێ) في محاولة لإظهار الخصـوصـيات الصـرفية والنحوية التي تتميز بها لغة العناوين عن اللغة الدارجة .ولهذا الغرض، بدأ البحث بشرح مفهوم ومصطلح (مانشيت) وانواعه من حيث الصياغة ، ومن ثم تمـ بتمعن و تفصيل، تحديد الخصـائص اللغوية للغة كتابة المانشيت. وفي الختام تم عرض نتائج البحث في عدد من النقاط.